# جینۆساید و ئەنفال ئەرشیڤی نەتەوەیی وگرنگی دیتا بەیس
# Database

عەدالەت عومەرسالح

کۆنفرانسی جینۆساید و ئەنفال

گەرمیان ـ کەلار

٢٠١٥

# فهرست

پێشەکی ........................................................................ ٣
بەشی یەکەم.................................................................................. ٧
ئەرشیفی نەتەوەیی .......................................................................... ٧
١.  پێناسەی ئەرشیفی نەتەوەیی ............................................................ ٧
٢. پێکهاتەی ئەرشیفی نەتەوەیی گەلی کوردستان.............................................. ١٠
ا. تاوانەکانی رژێمی بەعس دژ بەگەلی کوردستان  خشتەی ژمارە (١)...................... ١٠
ب. تاوانەکانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش دژ بە گەلی کوردستان- ٢٠١٤ ............ ١٣
دەزگای ئەرشیفی نەتەوەیی ........................................................... ١٥
بەشی دووەم ...................................................................................... ٢٠
دیتا بەیس(بانکی زانیاری)............................................................................. ٢٠
١.پێناسەی دیتابەیس :.................................................................................. ٢٠
٢. قۆناغی کاری دیتا بیس:................................................................................ ٢١
٣.گرنگی  هەبوونی دیتا بەیس........................................................................ ٢٢
پێشنیارەکان ........................................................................................... ٢٤
پەراوێزەکان ........................................................................................... ٢٥

گشت مافەکانی پارێزراوە بۆ نوسەر

# پێشەکی

بەدرێژای مێژوو کوردان بە گشتی لە سەر خاك و وڵاتی خۆیان دووچاری سیاسەتی غەدرلێکردن و چەوساندنەوەو لەناوبردن بونەتەوە، لە کوردستانی عێراقیشدا رژێمە یەك لە دوایەکەکانی ئەم ووڵاتە بەبەردەوامی و نەپچڕاوەیی لە سەر کوتکردن و داپلۆسینی ئەم نەتەوە ستەمدیدەیەدا بونەو بەهەموو شێوەو رێگایەك ویستویانە ناسنامەی نەتەوایەتی بسڕنەوە،هەڵبەتە ئەو کردارەشیان بەبەرنامە وپڕۆگرامی تایبەت بووە و ستراتیژیەت و تاکتیکی گونجاو و لە باریشیان بۆ داڕشتوە. راگواستنی بەکۆمەڵی خەڵکی کورد لەسەر زێدی باب‌و باپیرانیان و پراکتیزە کردنی سیاسەتی بەعەرەبکردنی ناوچە کورد نشینەکان وسیاسەتی جینۆسایدی کوردان بەچەندین شێواز ئەنجامدراوە. بۆیە پاراستنی بەڵگەنامەی تاوانەکان و لە بیر نەکردنی مێژووی تاوانەکان بۆ نەوەی دوا رۆژ و وەرگرتنی ئەزموون بۆ بنیادنانی داهاتووئەرکی هەموومانە، وەك هەموو ئەو وڵاتانەی هاوشێوەی ئێمەیان بەسەردا هاتووە و توانیویانە جگە لە پاراستنی، ئەزموونی بۆ بنیادنانی داهاتووی لێ وەربگرن،کە ئێمە تاکوئیستا تیدا سەرکەوتوو نەبووینە .

لە راپەرینی ساڵی ١٩٩١ تا کو ئیستا بە سەدان گۆری بەکۆمەڵ ئاشکرا بووینە و ئەوانەی سەریان هەڵدراوەتەوە بەشێکی کەمیان زانراوە کام ئیسك و پرۆسك هی کام قوربانییە تەنیا ئەگەر ناسنامەیەك یان نیشانەیەکی لەگەڵ خۆی لە گۆرەکەدا هەڵگرتێ بێت ، سەرای ئەوە دیسان بە دەیان گۆری بە کۆمەڵی تازە لە لایەن دەوڵەتی تیروریستی خەلافەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش سەدان قوربانی تری گرتەوە بە تایبەتی لە ناوچەکوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

سەرەرای تێپەربوونی زیاتر لە ٣٠ سال بە سەر تاوانەکانی جینۆساید و دژە مرۆڤایەتی و جەنگ دەرحەق بە نەتەوەکەمان نەتەنیا نەمانتوانیوە کار لەسەر پاراستنی بەڵگەنامەو زانیارییەکان بە دانانی دەزگایەکی ئەرشیفی نەتەوەیی و سیستمی دیتا بیس بە شێوەیەکی باو و زانستی لە دونیای دەرەوە ئەنجام بدەین ، بەڵکو زۆربەی ئاسەوارەکانیش یا لەناو بردران یا نەتوانرا وەک موزەخانە سودی لێوەربگیرێت لەوانەش وەك سەربازگەی تۆپزاوا لە کەرکوک سەربازگەی فێرکاری دوبز،سەربازگەی رەشکین لە هەولێر و قەڵای نوگرە سەلمان لە باشووری عێراق هەروەها ئاسەواری شوینی جینۆساید کردنی بارزانیەکان لە قۆشتەپە و شوێنی دەرهێنانی گۆری بە کۆمەڵی قوربانیانی کیمیابارانی بالیسان لە معمل قیری هەولێر و زوریتر بۆیە گرنگ و پێویستە سەنتەرێکی ئەرشیڤی نەتەوەیی دابمەزرێت، بە مەبەستی پاراستنی بەڵگەنامەکان و ئەو ئاسەوارانەی تاوان کە ماون .

ئەوەی لێرەدا باسی دەکەین کورتکراوەی ئەزموونی بەدەست هاتووی ساڵانی کار کردنمە لە بواری جینۆساید بە شێوەی پراکتیکی و لێکۆلینەوە و سەردانی مەیدانی بۆ وڵاتانی خاوەن ئەزموون لەم بارەوە بۆ نمونە کتێبخانەی کۆنگریس لە ولایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا ، موزە خانە و سەنتەری ئەرشیفی هۆلۆکۆست لە ئەڵمانیای فێدراڵ، موزەخانەی مێژوو و مۆنۆمێنتی یادەوەری و سەنتەری نێودەوڵەتی بێسەروشوێنکراوان و ئەنستیتوی لێکۆلینەوی جینۆساید لە بۆسنێ هرزوگوڤین کە لە پێشەکی و دوو بەش پێکهاتووە کە لە بەشی یەکەم سەبارەت بە ئەرشیفی نەتەوەیی و پێویستی دامەزراندنی دەزگای ئەرشیفی نەتەوەیی لەسەر

تاوانەکانی جینۆساید و لە بەشی دووەم باسی دانانی سیستمی دیتا بەیسێکی ناوەندی بۆ بێسەروشوێنکراوەکان و قوربانیان و بەڵگەنامەی تاوانەکان و هەروەها تیشک خراوەتە سەر گرنگییەکانی دیتا بەیس (Database )لە کۆتایش پێشنیارەکان خراوەتە روو ، بە هیوام بە سرنج و تێبینیەکانتان باسەکە دەوڵەمەندتر بکەن کە هەوڵێکی ترە بۆ خزمەتکردنی بواری جینۆساید .

**نوسەر**

**٢٠١٥\٦\١٥**

# بەشی یەکەم
# ئەرشیڤی نەتەوەیی

## ئەرشیفی نەتەوەیی

**١. پێناسەی ئەرشیفی نەتەوەیی**

**٢. پێکهاتەی ئەرشیفی نەتەوەیی گەلی کوردستان**

ا. تاوانەکانی رژێمی بەعس دژ بەگەلی کوردستان ١٩٦٨-٢٠٠٣

ب. تاوانەکانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش دژ بە ئێزیدییەکان و کەمەنەتەوانیەکانی گەلی کوردستان- ٢٠١٤

## دەزگای ئەرشیفی نەتەوەیی

# بەشی یەکەم

# ئەرشیفی نەتەوەیی

## ١. پێناسەی ئەرشیفی نەتەوەیی

**بەڵگەنامەکانی (بینراو و بیستراو و خوێنراو )ی هەر وڵاتێک ئەرشیفی نەتەوەیی پێک دێنێت ورۆڵی بیرەوەری مێژووی وڵاتانی هەیە هەر بۆیەش پاراستنی ئەو دێکۆمێنت و بەڵگەنامانە بیرەوەری هەتاهەتایی دەستەبەر دەکات.**

بێگومان کاروانی مێژووی گەلی کوردستانیش لە رێرەوی خۆی گەلێ رووداوی خۆش و ناخۆش ،جوان و ناشیرین ، دڵتزین و خوێناوی وکارەساتبار ،شکست و سەرکەوتن لە مێژوو تۆمار کردوە .

لەم رووەوە مۆمکینە رووداوی مێژووییەکانی هەر نەتەوەیەک لە نەوەیەک بۆ نەوەیەکی تر دوچاری گۆرانکاری هەڵبەزین و دابەزین ببێت وکۆمەڵێک لە

بەسەرهاتەکان لە ناو بچێت بۆیە بەڵگەنامەکان دەتوانن ئەم بۆشاییە پربکەنەوە تاکو کەمووکورتی مێژوویەکانی سەرلە نوێ دابنرێنەوە.

ئەرشیڤی بەڵگەنامەکان لە دەزگایەک، سەنتەرێک یان موزەخانە و مۆنۆمێنتێکی یادەوەری بەشێکی گرنگی فەرهەنگ و شوناسی هەر نەتەوەیەکە ولە راستیدا مێمۆری نەتەوەیی ئەو وڵاتەیە و پاراستنی بە مانای پاراستنی گەلەکەیەتی تاکو هەرگیز بەسەرهاتەکانی لەبیر ناکات تاکو ئایندەیەکی باشی پێ بۆنیاد بنێ بێ شک بۆ نووسینەوەی مێژوو و لێکۆلینەوە وشیکردنەوە و بەدەرخستنی راستییەکان و بریاردانی دادپەروەرانە و بێ لایانە هیچ شتێک هێندەی بەڵگەنامەکان سودی نیە و نابێت، تەنانەت دەتوانین بڵێین وەک کەرەستەی بیناسازیە کە مێژوو نووس بۆ دووبارە بنیاد نانەوەی مێژوو بەکاری دێنێت.

بە لەبەر چاو گرتنی بەکارهێنانی بەڵگەنامە کان لە هەموو کاتێک دەکرێ بڵێین لە دوو لایەنی کارگێری و لێکۆلینەوەیی گرنگن بۆ نەوەی داهاتوو وەک پردێکی پەیوەندی رابردوو بە ئێستا و داهاتووش وەک یادگاریەک تاکو دوچاری لەبیر چوون و هەڵەی مێژوویی نەبێت هەموو کات بێدار و هۆشیار بێت.

گەلی کوردستان بە درێژایی مێژوو جگە لە رووداو و بەسەرهاتەکانی سیاسی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە حکومەتە یەک لە دوای یەکەکان بە سەدان جۆرە تاوانی دژە مرۆڤایەتی و جینۆسایدی وەک کیمیاباران و ئەنفال و پاکتاوی رەگەزی لە بەرابەردا کراوە کە ئەوەێ لێرەدا مەبەستمە لە ئەرشیفی نەتەویی تیشکی بخەمە سەر ئەو تاوانانەیە ، بۆ زانیاری ئاماژەیەکی خێرا بە تاوانەکانی ٣٥ ساڵ حوکمی دیکتاتوری بەعس دەکەین کە زۆربەیان لە دێکۆمێنت و بەڵگەنامە فەرمییەکان حکومەت بە ئاشکرا تۆمار کراون ،هەروەها ئاماژە بە جینۆسایدی

دووبارەی گەلی کوردستان و تاوانەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش دەدین،تاوەکو لە چوارچێوەی ئەرشیفی نەتەوەیی جینۆسایدی ولاتەکەمان کاری لە سەر بکرێت بە سیستمی دیتا بەیس ڕێکبخرێت.

لەم ڕوانگەیە دەکرێ گرنگی هەبوونی ئەرشیفی نەتەوەیی لەم خالە سەرەکیانە کورت بکەینەوە :-

- بۆ نووسینەوەی مێژوو و لێکۆلینەوە وشیکردنەوە و بەدەرخستنی ڕاستییەکان وەک کەرەستەی بیناسازیە.

- ڕووداوی مێژووییەکان لە نەوەیەک بۆ نەوەیەکی تر دوچاری گۆرانکاری دەبێت .
- لەکاتی لەناو چوونی کۆمەڵێک لەبەسەرهاتەکان بەڵگەنامەکان بۆ دووبارە بنیاد نانەوەی مێژوو بەکاری دێن .
- بەکارهێنانی بەڵگەنامە کان دوو لایەنی کارگێری و لێکۆلینەوەیی گرنگن بۆ نەوەی داهاتوو.
- بۆ بریاردانی دادپەروەرانە و بێ لایانە هیچ شتێک هێندەی بەڵگەنامەکان سودی نیە و نابێت.
- پردێکی پەیوەندی ڕابردوو بە ئێستا و داهاتووش تاکو دوچاری لەبیر چوون و هەڵەی مێژوویی نەبێن.

# ٢. پێکهاتەی ئەرشیفی نەتەوەیی گەلی کوردستان

ا. تاوانەکانی رژێمی بەعس دژ بەگەلی کوردستان  خشتەی ژمارە (١)

| تاوانی دژ بە کورد | مێژوو | ژمارەی قوربانی و بێسەروشوێنکراو و شوێنی تاوان |
|---|---|---|
| راوٌدونان و کوشتن و ئیعدام کردن (شکستی شۆرشی ئەیلول) | ١٩٧٤-١٩٧٥ | ١٠٠٠٠کەس بێسەرشوینکراو لە هەولێر،دهۆک،سلیمانی،کەرکوک |
| بۆمب بارانکردنی قەڵادزێ | ١٩٧٤ | ١٦٣ قوتابی و هاووڵاتی شەهیدبون |
| بۆمب بارانی هەڵەبجە | ١٩٧٤ | ٥٤ هاووڵاتی شەهیدبوون |
| جینۆسایدکردنی فەیلییەکان | ١٩٧٩ -١٩٨٠ | ١٠٠٠٠کەس بێسەروشوینکراو لە ناوچەکانی ناوەراست و خواروی عێراق، بەغدا ، بەسرا ، جەسان ، مەندەلی ، خانەقین ، بابل ،سویرە ،علی شرقی ،علی غربی ، کوت ، عەمارە ،بەدرە... |
| جینۆسایدکردنی بارزانییەکان | ١٩٨٣ | ٨٠٠٠ کەس بێسەروشوینکراوە پارێزگای هەولیر دوو کۆمەڵگای قودس و قادسیە لە قوشتپە و ناحیەی بحرکە و حریر و دیانا بەغدا. |
| بۆمب بارانی ئۆردوگای زێوە پەنابەران کوردی باشوور | ١٩٨٥ | ١٩٨٥/٦/٩ ڕژێمی بەعسی رووخاو بە هەشت فڕۆکە هێرشی کردە سەر ئۆردووگای زێوە لە وڵاتی ئێران، کە هاووڵاتیانی ئەو ئۆردووگایە خەڵکی باشووری کوردستان بوون، لە ئەنجامیشدا ١٥٠ هاووڵاتی شەهید بوون و ٣٧٣ کەسیش بریندار بوون، |
| کیمیابارانی شێخ وەسان و بالیسان | ١٩٨٧ | ٣٤٦ بریندار لە کاتی گواستنەوەیان بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولیر شوین بزر کران دواترلە١٩٩١\٩\١٨ بێسەروشوێنەکانی کیمیابارانی دۆڵی بالیسان کە ژمارەیان تەنها ٢٥ کەس بوو لە گۆرێکی بە کۆمەڵ هەر لە ناو گۆرستانی کارگەی قیری هەولێر دۆزرانەوە ئەوانەی تر تا کو ئیستا بێسەروشوێنن |
| کۆمەڵکوژی کانی عاشقان | ١٩٨٧ | بە پیلانی رژیمی بەعس زەوی سوتاو ناوچەی پاوانکراو،گوندنشینەکانی هەڵەبجەی ناچارکرد کە گوندەکان چۆڵ بکەن و لە یەکێک لە کۆمەڵگا زۆرەملێکانی (زەمەقی- عەنەب- خورماڵ) نیشتەجێ ببن. (٥٢) پەنجاو دوو گوندی شارەزوور ڕاگوێزران دواتر خۆپیشاندانێکی ئاشتیانەیان ئەنجامدا کە بە ڕاپەرینەکەی (١٩٨٧/٥/١٣) ی هەڵەبجە ناسرا، بە روبروبونەی هێزەکان بووە هۆی تەقاندنەوەی (٢٥٠) دوو سەدو پەنجا خانوی |

| | | |
|---|---|---|
| | | گەڕەکەکانی کانی عاشقان و مۆردانە و شەهیدکردنی (٦٠) شەست کەس و بریندارکردنی دەیانی تر، پاشتریش بریندارەکانیان لە نەخۆشخانە دەرهێنا و زیندەبەچاڵیان کردن. |
| جینۆسایدی کیمیابارانی هەڵەبجە | ١٩٨٨ | ٥٠٠٠ شەهید کە چارەنوسی بەشێکی زۆری لە ناو گۆرە بە کۆمەڵەکانی هەڵەبجە بێسەروشوێن ماوەتەوە و ٥٢ خیزان چاوەرێی مندالە بێ سەروشوێن بووەکانیان کە پێدەچێت لە ژیاندا مابن |
| جینۆسایدی ئەنفال | ١٩٨٨-١٩٨٧ | ١٨٢٠٠٠ کەس بێسەروشوێنکراوە.تەواوی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ١٩٨٨\٢\١٩ تاکو ١٩٨٨\٩\٦بە ٨ قۆناغ. |
| راپەرینی گەلی کوردستان(کۆرەوە) | ١٩٩١ | ١٠٠٠٠ کەس بێسەروشوێنکراوە لە هەولێر سلیمانی،دهۆک،کەرکوک. |
| پاکتاوی رەگەزی( تطهير العرقی) | ٢٠٠٣-١٩٦٨ | |
| سەرجەم ئەو بێ سەروشوێنانەی بە شێوەی تاك دەستبەسەر کراون | ٢٠٠٣-١٩٦٨ | سەرجەم ئەو بێ سەروشوێنانەی بە شێوەی تاك و رەشبگیری لەسەر چالاکی سیاسی کوردایەتی و بیروباوەر و پێشمەرگە بوون ، پۆشینی جلوبەرگی کوردی لە ماوەی نیوان ساڵانی ١٩٦٨ تاکو٢٠٠٣ پرۆسەی ئازادی عێراق لە سێدارە دران یا گوللە باران کران یا لە ژێر ئەشکنجە گیانیان لە دەست داو چارەنوسیان دیار نیە. و کەس و کاریان لێیان بێئاگان. ١٠٠٠٠٠ کەس قوربانی لێکەوتوتەوە. |
| کەمەنەتەواتیەکان- تاوانی (گوندی صوریا لە دهۆك ) | ١٩٦٩ | ١٩٦٩\٩\١٦ لە لایەن سوپای عێراق خەڵکی گوندەکە کە موسلمان و مەسیحی بوون کۆ کرانەوە لە گەنج و پیر و ژن و پیاو و قەشەی گوندەکەش گوللە باران کران کە ژمارەیان ٣٩ کەس بوو لە گۆرێکی بە کۆمەڵ شاردرانەوە لە ساڵی ٢٠١١ ئەو گۆرە بەکۆمەڵە لە لایەن وەزارەتی کارو باری شە هیدان و ئەنفالکراوەکان هەڵدرایەوە لە مەراسیمێکدا نێژرانەوە |

| | | |
|---|---|---|
| تاوانی ئەشکەوتی دەکان | | ئەشکەوتی دەکان لە باکوری رۆژهەڵاتی قەزای شێخان، ئەو ئەشکەوتەی لە رێکەوتی (١٨-٨-١٩٦٩) کرایە گۆڕەپانی رەشەکوژی دانیشتووانی گوندی دەکان لەلایەن سوپای عێراقیەوە .خەڵکی گوند کە بۆ رزگاربوون لە شاڵاوی دڕندانەی سوپای بەعس رایانکردبوو و ژمارەیان (٧٣) کەس دەبوو و زۆرینەیان ژن و مناڵ بوون و لەناو ئەو ئەشکەوتەدا لەلایەن سوپاوە بەزیندوویی سوتێنران و سەرجەمیان شەهیدبوون، |
| رووخاندنی شار و راگواستنی بە زۆرەملێ خەڵکی سەید صادق | ١٩٨٨ | رووخاندنی شار و راگواستنی بە زۆرەملێ خەڵکی سەید صادق |
| راگواستنی بە زۆرەملێ خەڵکی پشدەر | ١٩٨٩ | هاوینی ساڵی ١٩٨٩ دوای راگواستنی هاوڵاتیانی تەواوی سنورەکەش تێکدرا |
| کیمیاباران کردنی ناوچەکانی کوردستان | ١٩٨٣-١٩٨٧-١٩٨٨ | ٢٨٥ گوند و شاروچکە و دۆڵ و کێو لە هەولێر ودهۆک و سلیمانی و کەرکوک بەر هێرش کیمیایی کەوتن |

**ب. تاوانەکانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش دژ بە گەلی کوردستان- ٢٠١٤**

رفاندن و فروشتنی کچانی ئێزیدی و لە هەمانکات بێسەروشوینکردن و کۆمەڵکوژی کوردانی ئێزیدی و کەمەنەتەواتیەکانی تر و رووخاندن و بەتاڵان بردنی ماڵ و مۆڵکیان لە لایەن چەکدارانی رێکخراوی تیروریستی داعش، کە بە پێی ئامارە کۆکراوەکان نزیکەی ٤٨٠٠٠٠ کەس ئاوارە بوون و ٥٠٠٠ کەس وەک کوژراوو بێسەروشوینکراو لە "منداڵ، پیاو، ئافرەت، لە هەموو تەمەنەکان ( واتە تەمەنی ١ مانگ تاکو ١٩٢٢) پشتراستکروەتەوە لە قەزای شنگال و دەوروبەری مەزەندە دەکرێت، ئەو خشتەیەی کە لە خوارەوە هاتووە ئەو ئامارە نیشان دەدات کە لایەنی پەیوەندیدار لە لایەن خێزانی کوژراو و رفێندراو و بێسەروشوێنکراو پشتراستیان کردوتەوە .

لەماوەی ئەنجامدانی تاوانەکانی شنگال تاوەکو ٢٠١٥\٥\٢١) ١٧٨٥ کەس کە لە پیاو و ژن و منداڵ پێکهاتوون لەدەستی داعش رزگارکراون کە پێک هاتووە لە ( ٢٩١ پیاو ٦٨٢ ئافرەت و ٧٨٥ منداڵن )[١] , تاکو لە ٢٠١٥\٨\١٣ ژمارەی رزگاربووان گەیشتە ٢٠٥٨ ئەم ژمارەیە لە لایەن سەروکی حکومەتی هەرێم لە مەراسیمی بەخاک سپاردنی ٦٧ روفاتی کوردی ئێزدی کە لەلایەن داعشەوە کوژرابوون راگەیەندرا .

هەروەها ئەو ٦٧ تەرمە لەسێ گۆڕی بەکۆمەڵ دەرهێنران لەکۆی دوازدە

گۆڕی بەکۆمەڵی دۆزراوە، کە لە ٢٠١٥\٨\١٣ بناری چیای شنگال لە مەزارگەی شەرفەدین بە خاك سپێردران، کە پێشبینی دەکرێت زیاتر لە ٢٠ گۆڕی بە کومەڵ لە دەورووبەری قەزای شنگال هەبێت.

خشتەی ژمارە( ٢)

| تاوانی دژ بە کوردانی ئێزیدی | تەمەن | مێژوو | ژمارە |
|---|---|---|---|
| رفاندنی کچانی ، ژنانی ئێزیدی[٢] ٣٥٠٠ کەس | ١٣-٩٠ ساڵان | ٢٠١٤ | ١٣٦٦ کەس پشتراستکراوەتەوە |
| کچانی منداڵی ئێزیدی[٣] | ١مانگ-١٢ ساڵان | ٢٠١٤ | ٤١٢ کەس پشتراستکراوەتەوە |
| کوشتنی بە کۆمەڵ - گوندی کۆجۆ[٤] | ٩-٩٥ ساڵان | ٢٠١٤ | ٣٨٠ کەس پشت راستکراوەتەوە |
| بێسەوشوێن بوونی زیاتر لە ٥٠٠ کور و پیاو[٥] | ١ مانگ-٧٠ ساڵان | ٢٠١٤ | ٢٥٤ پشت راستکراوەتەوە |

# دەزگای ئەرشیفی نەتەوەیی

هەموو ئەوتاوانانەی لەسەرەوە باسمان کرد ئاماژەیە بۆ پێویستی و گرنگی دامەزراندنی دەزگایەکی ئەرشیڤی نەتەوەیی ناوەندی بۆ پاراستنی هەموو ئەو دێکۆمینت و بەڵگەنامەکانی( بینراو وبیستراو وخوینراو) لەسەرهەموو تاوانەکانی گەلی کوردستان، تاوەکوببێتە سەرچاوەی زانیاری بۆ دەزگایەکی ستراتیژی لێکۆڵینەوەو دیراساتی لەسەر بکات، بۆئەوەی بتوانێت مێژووی تاوانەکانی کە بەسەر گەلی کوردستاندا هاتووە بۆنەوەی نوێ بپارێزێت ولەهەمانکات بۆناساندنی جینۆسایدی گەلی کوردستان بۆ رای گشتی جیهانی زانیاری لەمەڕ ئەم تاوانانە کۆبکاتەوەو بەدیکۆمێنتیان بکات، بە مەبەستی پاراستنی بەڵگەنامەکان وسود وەرگرتن لێیان کە زۆربەیان هەرەشەی لە ناو چوونیان لێ دەکرێت ،چونکە یادەوەرییەکان بە گشتی لە ژێر هەرەشەی لە ناوچوونن، لە مێژووی وڵاتان زۆر جار ئەرشێفە نەتەوەییەکان بە زۆر هۆکاری سروشتی یان شەر لە ناو چووینە یان بە هۆکاری تێپەربوونی کات و کەمتەرخەمی لە بیرکردنی حکومەتەکان و ناشارەزایی ئەو خەڵکانەی بەڵگەنامەکانیان لەلایە لە چۆنیەتی پاراستنی و شوینی هەڵگرتنی بەڵگەنامەکان بۆتە هۆکاری لە ناو چوونیان بۆ نمونە (کتیبخانەی اسکندریە کە بە ناو بانگترین نمونەی مێژووییە و هەروەها لە ناو چوونی ئەرشیف و موزەخانە کان بە هۆکاری شەر لە ورشۆ و فلۆرانس و سارایوو و کابل و بەغداد)[٦] ، لە شەری ناوخۆی کوردستانیش زۆر لە بەڵگەنامەکان لە ناو چوون.

**دەزگای ئەرشیڤی نەتەوەیی لە سەر ٤ بنەمای سەرەکی کار دەکات:**

یەکەم :کۆ کردنەوەی هەموو بەڵگەنامە و زانیاری و نوسین و لێکۆلینەوەکان کە بە شێوەی (بینراو و بیستراو و خوێنراو ) لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات ئەو بەڵگەنامانە پێک دێت لە کاسیتی ڤیدیویی و دەنگی ،وێنە ،بەسەرهاتەکان ،بەڵگەنامە دەستنووس یان چاپکراوەکان و ....

دووەم:ئامادەسازی ورێکخستن هەموو بەڵگەنامەکان وەک جیا کردنەوە و بە فهرست کردنیان لە سەر سیستمی استاندار نیودەوڵەتی کە ٢ سیستمی استانداردی نێودەوڵەتی هەیە بە ناوی دستوری فهرست نوسینی (ئەنگلوئەمریکن) لە لایەن فهرستنوسەکانی ئەمریکی و بریتانی و کەنەدی کە لە ساڵی ١٩٦٧ وە هاتوتە ئاراوە و لە ١٩٧٨ بلاو کرایەوە لە ١٩٨٨ پێشکەوت و هەروەها سیستمی فهرستنوسی و دانانی بار کۆد بە ئامێرەکان بە ناوی( خوان مارک) لە ساڵی ١٩٦٠ هاتوتە ئاراوە وچەندین کۆبوونەوە و دانوستان ئەنجامدرا تاکو لە ساڵی ١٩٨٠ رەزامەندی درا لەسەر بەرهەم هێنانی و لە ساڵی ١٩٨٣ کتێبخانەی کۆنگرەی نەتەوەیی ئەمریکا بەکاری هێنا[٧].

کە لێرەدا لە سەرەتادا دانانی کۆد و ژمارەکردنی لاپەرەکان (تەرقیم )و دواتر پرۆسەی جیا کردنەوەی و بە فهرست کردن لە سەر شێوازی مرجع بۆ نمونە لەسەر مێژووی دەرچوون یا شوێنی دەرچوون بۆ بەڵگەنامەکان بۆ کتێب و لێکۆلینەوەکانیش لەسەر ناوی نوسەر و لە کۆتایی پاراستنی بە دوو شێوەی الکترونی و زیندوو لە یەک شوێن بە شێوەی داتا بیس و وەرگێرانی بە زمانە زیندووەکانی جیهان.

سێیەم: گەیاندن ،دەزگای ئەرشیڤی نەتەوەیی دەتوانی بە ٣ شێواز زانیارییەکان بخاتە بەردەستی ئەو کەسانی داوای زانیاری دەکەن وەک:

١. سەردانکەر یا ئەندامان دەتوانن لە رێگای بانکی زانیاری و هۆلی خوێندەوە وکەسانی شارەزا کە لەو شوێنە کار دەکەن زانیارییەکان وەرگرن.

٢. لەرێگای پەیوەندی الکترونی وەک وێب سایت لە رێگای سیستمی چونەژورەوە بە ئەندام بوون سود لە زانیارییەکان وەرگرن.

٣. پەیوەندی تەلەفۆنی و ئیمیل و ، هیلی تەلەفۆن و ئیمیل دیاری بکرێت و کەسانی شارەزا وەڵامی پەیوەندی ئە کەسانە بدەنەوە کە پرسیاریکی دیارکراو و کورتیان هەبێت و سود لە زانیارییەکان وەرگرن.

چوارەم: ئەنجامدانی لێکۆلینەوە،کە دەچێتە چوارچێوەی چالاکی سەرنتەر و ساڵانە لێکۆلینەوە بکرێت لە سەر تاوانەکان و کاریگەرییەکانی لە سەر کۆمەڵگا و بە زمانە زیندووەکانی جیهانیش وەرگێرانی بۆ بکرێت.

**بۆیە دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی بڵێن بوونی دەزگای ئەرشیڤی نەتەوەیی ئەم گرنگیانەی خوارەوەی هەیە:**

١.دەزگای ئەرشیڤی نەتەوەیی بیرەوەری دەوڵەتانە و لە کۆتایش بیرەوەری جیهانی پێک دێنێت.

٢.ئەرشیڤی نەتەوەیی لە چوارچێوەی دەزگایەک پارێزەری شوناسی گەلانە بە بێ ناسین و بەهێز کردنی شوناس گەلان،کۆمەڵگا هێزی پاراستنی نامێنێت و وەک مرۆڤێکی لاواز لە بەرابەر نەخۆشیەکان خۆراگر نابێت.

٣.ئەرشێفی نەتەوەیی دەبێتە هۆی بریار دانی دروست لەسەر بنەمای رابردوو وروداوو بەسەر هاتە مێژووییەکان و یارمەتی حکومەتەکان دەدات بۆ بە موسساتی کردنی دام و دەزگاکانی تاکو بۆ بنیادنانی داهاتوویەکی گەش پلانی کورتخایەن ودرێژ خایەن بۆ پیشکەوتنی و ئاوەدانکردنەوەی وڵات دابنێن، هەروەها بەخشێنی زانیاری بۆ هەموو لێکۆلەران لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات بەشێوەی بانکێکی زانیاری بەهێز سودی لێ وەردەگرێت.

٤. دەبێتە هۆی پاراستنی هەموو ئەو دێکۆمینت و بەڵگەنامەکانی( بینراو وبیستراو وخوینراو) لەسەرهەموو تاوانەکانی گەلی کوردستان، تاوەکوببێتە سەرچاوەی زانیاری بۆ دەزگایەکی ستراتیژی لێکۆڵینەوەو دیراساتی لەسەر بکات ناساندنی جینۆساید بە دونیای دەرەوە بە شێوەیەکی زانستی.

# بەشی دووەم

# (دیتا بەیس بانکی زانیاری)

# Database

١. پێناسەی دیتا بەیس

٢. گرنگی  هەبوونی دیتا بەیس

# بەشی دووەم

# دیتا بەیس(بانکی زانیاری)
# Database


## ١.پێناسەی دیتابەیس :

کۆمەڵێك زانیاری بە پێکهاتەی رێکخراو دەگوتریت  کە لە چوارچێوەی سیستەمێك رێك دەخرێت تا کو بە شێوەی ئاسان و و خێرا  زۆرترین زانیاری لە سەر ئەوەی مەبەست بە شێوەی الکترونی بە دەست لایەنی پەیوندیدار و خوێنەر یان بەکار هێنەر بگات پاشکەوتی بکات.

تکنولۆژی دیتابیس  لە ناوەراستی شەستەکانی سەدەی رابردوو هاتە ئاراوە و لە سالانی ٧٠ پیشِکەوتنی بەر چاوی بە خۆیەوە بینی و لە سەرەتای هەشتاکان ئەو تەکنۆلۆژیایە بەناوی سیستەمی بەرێوەبەرایەتی دیتا بیس پەیوەندی  ناسرا و لە ئیستادا چەندین سیستەمی جۆراوجۆری هەیە  کە لە بواری تایبەتمەند سودیان لێ وەردەگیرێت.

یاسای پاراستنی گۆڕەبەکۆمەڵەکان ژمارە ٥ ساڵی ٢٠٠٦ داوا لە وەزارەتی مافەکانی مرۆڤ دەکات بنکەیەکی زانیاریی ناوەندی دروست بکات و بیپارێزێت .

## ٢. قۆناغی کاری دیتا بیس:



## ٣.گرنگی هەبوونی دیتا بەیس

## بۆ بێسەروشوێنکراوەکان و بەڵگەنامەی تاوانەکان و

## کەسوکاری قوربانیان

فراوانکردنی تێگەیشتن لە بواری دۆسێی کەسانی بێسەروشوێنکراو لە هەرێمی کوردستان. تێگەیشتن لە ئەرکی یاسایی نێودەوڵەتی لەسەر عێراق و یاسای پاراستنی گۆڕی بەکۆمەڵ وهەروەها پێداوێستیەکانی دامەزراندنی داتابەیسێکی روون و بەردەست و ناوەندی دەربارەی کەسانی بێسەروشوێنکراو و ئامرازی پێویست بۆ کارئاسانی گەڕان لەڕێگای لایەنی پەیوەندیدار لە حکومەتی هەرێم ودەستنیشانکردنی پێداویستیەکان بۆ پاراستنی داتا وکۆکردنەوەی دۆکیومێنت و بەردەست کردنی زانیاری تاکەکەسی بۆ پرۆسەی دەستنیشانکردن بەردەستکردنی پێشنیار کە رێخۆشکەر بێت بۆ هاوتاکردنی گشت پۆلەکانی کەسانی بێسەروشوێنکراو تایبەتمەندی خۆی هەیە کە گرنگترینیان ئەوانن:

- یەکپارچەیی لە پاشکەوت کردنی زانیارییەکان و کۆکردنەوەیان لە یەك شوێن.
- پاراستنی بەڵگەنامەکان کە بە پێی شوێن و کات هەرەشەی لە ناوچوونیان لەسەرە.

- تۆماری کردنی ناوی کەسوکاری قوربانیان تاکو لە ژیاندا ماون

- بە کار هێنانی بۆ قەرەبوو کردنەوەی کەسوکاری قوربانیان و بەرپا کردنی دادپەروەری

- بەدواداچوونی راستیەکان

- چاکسازی و بە مۆسساتی کردن

- تۆمار کردنی پێشلکارییەکان و دادگای کردنی تاوانباران

- پاکسازی کردنی لیستی ناوەکان و پۆلێن کردنی زیادِەرۆییانەی کەسانی بێ سەر و شوێن نەکراو .

# پێشنیارەكان

- حكومەتی هەرێم بریار لەسەر دامەزراندنی دەزگایەكی ئەرشیڤی نەتەوەیی ناوەندی بدات بۆ پاراستنی هەموو ئەو دێكۆمینت وبەڵگەنامەكانی بینراوو بیستراوو خوینراو لەسەر هەمووتاوانەكانی گەلی كوردستان، تاوەكو بیتە سەرچاوەی زانیاری بۆ دەزگایەكی ستراتیژی لێكۆڵینەوەو دیراساتی لەسەر بكات، بۆ ئەوەی بتوانێت مێژووی كارەساتەكانی كە بە سەر گەلی كوردستاندا هاتووە بۆ نەوەی نوێ بپارێزێت ولە هەمان كات بۆ ناساندنی جینۆسایدی گەلی كوردستان بۆ رای گشتی جیهانی زانیاری لەمەڕ ئەم تاوانانە كۆبكاتەوەو بە دیكۆمێنتیان بكات.

- دانانی سیستەمی دیتا بەیس كە هەموو بابەتەكانی تۆمار ناوی بێسەروشوێنكراوان و بەڵگەنامەكان بە هەردوو شێوازی بەڵگەیی و الكترونی لە خۆ بگرێت ، بەمەبەستی یەكپارچە كردن لە پاشكەوت كردنی زانیارییەكان و كۆكردنەوەیان لە یەك شوێن هەروەها پاكسازی كردنی لیستی ناوەكان و پۆڵێن كردنی زیادەڕۆییانەی كەسانی بێ سەر و شوێن نەكراو .

- حكومەتی هەرێم بەشێوەیەكی بەرفراوانتر سود لە ئەزمونی كۆمسیۆنی نێودەوڵەتی بۆ كاروباری بێسەرو شوێنكراوەكان ICMP وەربگرێت تاكە رێكخراوی نێودەوڵەتیە بە تایبەتی لە بواری دۆسێی بێسەرو شوێنكراوەكان كاردەكات .

# پەراوێزەکان

[١] http://rudaw.net/sorani/kurdistan-٢١\٥\٢٠١٥

[٢] نوسراوی سەرۆکایەتی هەرێم\دیوان ژمارە ٥٤ لە ٢٠١٥\١\٢٦ \الیستی هاۆپێج

[٣] هەمان سەچاوەی پێشوو

[٤] جینۆسایدی ئێزدیەکان کۆمەڵکوژی گوندی کۆجۆ-ئامادەکردنی بەزمانی عەرەبی داودمرادخەتاری وەرگێڕان و ئامادەکردن تەها سلێمان -دەزگای لێکۆڵینەوە بۆ جینۆسایدوئەنفال- چاپخانەی ئازادی-٢٠١٥

[٥] راپۆرتی یەکەمین کۆنفرانسی لالش بۆ ئاشتی لە ٢٠١٥\٤\٣ لە شێخان ساز کرا

[٦] http://www.nlai.ir

[٧] مقایسه تطبیقی استاندارهای بین المللی کتاب شناختی و آرشیوی-فاطمه همت زاده -گنجینه اسناد:سال نوزدهم٩٧-١٠٦-دفتر سوم،پائیز ١٣٨٨